گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 10, No. 4, pp. 989–1004, December -2022*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 26644681
journals.uoz.edu.krd

# بە بەرهەمی مۆرفیمی بەندی وشەدارِێژەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

پەروین عوسمان مستەفا [1] * و ساجیدە عبداللە فەرهادی [2]

[1] بەشی رێگا و بان، کۆلێجی تەکنەلۆجی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێما کوردستانێ–عێراق.(parwen.mustafa@epu.edu.iq)

[2] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەرێما کوردستانێ–عێراق. (sajidah.farhad@su.edu.krd)

وەرگرتن: 2022/05 پەسەندکرن: 2022/07 بەلاڤکرن: 2022/12 *https://doi.org/10.26436/hjuoz.2022.10.4.1107*

**پۆختە:**

توێژینەوەکە بەناوی (بە بەرهەمی مۆرفیمی بەندی وشەدارِێژەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا)یە. بە بەرهەمی ، پرۆسەی دۆزینەوەی وشەیەکی نوێیە لە رِێگەی مۆرفێمی بەندی وشەدارِێژەکانەوە, فۆرِمێکی نوێ و واتایەکی نوێ بە وشەکە دەبەخشێت و دەبێتە یاسایەکی مۆرفۆلۆجی بۆ دروستکردن و رِۆنانی وشە فەرهەنگییەکان لەزماندا, مۆرفیمی بەندی وشە دارِێژیش ئەو مۆرفیمانەن، کە دەبنە هۆی زیادکردنی وشەیەك و بەرهەمهێنان و دارِشتنی وشەیەکی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.واتە باس لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بەپێی یاساکانی رِۆنانی وشەدارشتن لە زمانی کوردی لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس)دا دەکات ، بۆ تویژینەوەکە سوود لەرِێبازی پەسنی وەرگیراوە ، بۆرِادە و رِێژەکانیش پشتی بەئامار بەستووە ، ناوەرِۆکی توێژینەوەکەش جگە لە پێشەکی، لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بە ناونیشانی(چەمك وپێناسە و جۆرەکانی مۆرفیم) ە، کە بەشێکی تیۆرییە، ئەمانە لە خۆ دەگرێت: پێناسەی مۆرفیم و مۆرفیمی وشە دارِێژ، جۆرەکانی مۆرفیمی وشە دارِێژ، وشەی فەرهەنگی و جۆرەکانی وشەی فەرهەنگی( ناو، ئاوەڵناو)، لەبەشی دووەمیشدا, کە بەشی پراکتیکییە باس لەمانە دەکرێت: پێناسەی بەبەرهەمی، بەبەرهەمی مۆرفیمی وشەدارِێژراوەکان لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا) ، ئامار و شیکردنەوەی بەرهەمهێنانی ناوی دارِێژراو و ئاوەڵناوی دارِێژراو لە شیعرەکانی ناوبراودا. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخرێتە رِوو.

**کلیلە وشەکان:** بە بەرهەمی، مۆرفیمی وشە دارِێژراو، پێشگر، پاشگر، ، شیعر .وشەی فەرهەنگی.

## پێشەکی

– **ناونیشانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەناوی (بە بەرهەمی مۆرفیمی بەندی وشەدارِێژەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا)یە و بەبەرهەمیش رِێژە و توانای کەرەسە زمانییەکانە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بەپێی یاساکانی رِۆنانی وشەدارشتن لە زمانی کوردی لە ئاستی وشەسازیدا.

– **رِێباز و سنووری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە سوود لە رِێبازی پەسنی وەرگیراوە و بۆرِادە و رِێژەکانیش پشتی بەئامار بەستووە و سنوورەکەش بریتییە لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) لەئاستی وشەسازیدا، زاری کوردی ناوەرِاست لە توێژینەوەکەدا بەکار هاتووە.

– **ئامانج و هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە** : ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی رِادە و رِێژەی بەبەرهەمی مۆرفیمی بەندە وشە دارِێژەکانە لە رِۆنانی وشە دارِێژراوەکان لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) دا، بە تایبەتی لە ئاستی وشەسازیدا ئەوەیە:

1– چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مۆرفیمە وشە دارِێژراوەکان لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) دا .

٢– فەرهەنگێکی وشەیی بۆ توێژەران ئامادە ببێت و ببێتە بنەمایەکی زانستی لەبەردەم توێژەران تا زیاتر توێژینەوە لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) دا بکرێت.

–**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە، لە رِێگەی ئەم پرسیارانەوە، وەك : کام لەم(پێشگر و پاشگر)انە لەرِۆنانی وشەی دارِێژراودا بەبەرهەمترن؟. ئایا لەرِۆنانی وشەی دارِێژراوی لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) دان , پێشگر یان پاشگر بەبەرهەم ترن؟. کام پێشگر یان پاشگر لە بەرهەمهێنانی وشە دارِێژراوەکاندا زیاتر رِۆڵیان هەیە؟،کام جۆر لە وشەی فەرهەنگی زیاتر پشتی بە مۆرفیمە وشە دارِێژراوەکان بە ستووە؟ هەوڵێکی شە

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

بۆ خستنە رووی رادە و رێژەی مۆرفیمە وشەدارێژراوەکان و رۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی وشەکان لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس)دا.

**-نموونەی توێژینەوەکە:** نموونەی توێژینەوە بریتییە لە هەندێك لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) ، لەزاری کوردی ناوەراست لە زمانی کوردیدا.

**- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** جگە لە پێشەکی، لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بە ناونیشانی(چەمك وپێناسە و جۆرەکانی مۆرفیم) ە، کە بەشێکی تیۆرییە، ئەمانە لە خۆ دەگرێت: پێناسەی مۆرفیم و مۆرفیمی وشە دارێژ، جۆرەکانی مۆرفیمی وشە دارێژ، وشەی فەرهەنگی و جۆرەکانی وشەی فەرهەنگی( ناو، ئاوەڵناو)، لەبەشی دووەمیشدا کە بەشی پراکتیکییە باس لەمانە دەکرێت: پێناسەی بەبەرهەمی، بەبەرهەمی مۆرفیمی وشەدارێژراوەکان لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا) ، ئامار و شیکردنەوەی بەرهەمهێنانی ناوی دارێژراو و ئاوەڵناوی دارێژراو لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکە سدا. لەکۆتاییدا, ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە روو.

## بەشی یەکەم

## چەمك وپێناسە و جۆرەکانی مۆرفیم

**1-1 .چەمك و پێناسەی مۆرفیم:**

مۆرفیم وەك دانە یەکی مۆرفۆلۆجی لە لایەن رێزماننووسانەوە کۆمەڵێك پێناسەی بۆ کراوە, لەوانە:

-مۆرفیم( بە کچکە ترین پێکهێنەری پرواتای دەربراوی زمانی دادەنرێت)( مەحویی: 2010:233)

- مۆرفیم( بچووکترین کەرتی مانادار یان ئەرکداری زمانە) ( کەرەمی:1396،5)

- مۆرفیم (بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە)(Bloomfiehd:1954:161)

- کریستەڵ ،دەڵێت: مۆرفیم (بچووکترین کەرەسەی زمانە ، کە واتای هەبێت) (فتاح:1987،71)

-ئەورەحمانی حاجی مارف، دەڵێت(مۆرفیم دانەیەکی فیزیکی نابەرجەستەیە وشەیەك یان واتایەکی نوێ دادەتاشێت، یان ئەرکێکی رێزمانی دەگەیەنێت)( مارف:1987،34)

-مۆرفیم (بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە، جا ئەو مۆرفیمە ئازاد ،یان بەند بێت)( موسی:2020،19)

لە کۆی چەمکی ئەم پێناسانە دەتوانین بڵێین، کە مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمان یان خاوەن ئەرکی زمانە .

**2-1. جۆرەکانی مۆرفیم:**

مۆرفیم بچووکترین یەکەی وتاداری زمانە, توانای جیاکردنەوەی هەیە و بە پێی واتا و دەرکەوتنیان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبن، کە ئەمانەن:

**یەکەم: مۆرفیمی سەربەخۆFree Morpheme** : مۆرفیمی سەربەخۆ بچووکترین دانەی واتاداری زمان لە شێوەی وشەیەکی سادەدا دەردەکەوێ، واتە ئەم مۆرفیمە سەربەخۆیانە کەرتناکرێن، چونکە هەموو کەرتکردنێك دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکەی, یان شێواندنی واتاکەی . وەك ( باخ، ئاسن، دار،.....) وشە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە. ئەم مۆرفیمە رەگەزێکی واتایە, کە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆ وەردەگرێ بە(یەکەیەکی سەربەخۆ دادەنرێت و وشەیەکی واتادارە بۆ پارچەی بچووکتر دابەش ناکرێت و ئەوانیش دەبن بە دوو پۆلەوە / وەك( وشەی فەرهەنگی)، ( وشەی ئەرکی).( فرغ: 2006،122)

**دووەم: مۆرفیمی ئەرکی-Lexical Morpheme** :( ئەو وشانەن، کە راستەوخۆ پێوەندیان بە دیاردەی واقعییەوە نییە , سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی رستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکە کانیان ، بە تایبەتی لە دەربڕینی واتا یاندا و پێکەوە بەستنەوەیان لە رستەدا)( مارف:2004،72).

**سێیەم -مۆرفیمی بەند:**

مۆرفیمی بەند ) [أ] :(ئەو مۆرفیمانەن، کە ناتوانن بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەربکەون، بەڵکو پێویستە بەبەردەوامی لە چوارچێوەی وشەیەکدا بە مۆرفیمێکی ترەوە بلکێن( Trask:2007:177), واتە مۆرفیمی بەند ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە هەرگیز بە تەنیا دەرناکەون, لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆدا دەردەکەون، وەك( گەر، ستان، ەوان، دا، بە، ەکە، ێك، ترین........)، ئەوانیش چەند جۆرێکن، لە وانە:

١- **مۆرفیمی بەندی رێزمانی** :

مۆرفیمی بەندی رێزمانی( جۆرە گیرەکێکن ئەرکەکانیان ئاماژەکردنی پێوەندییە رێزمانییەکانە)( Crystal:1992:176). واتە پۆلە وشەکان ناگۆڕن تەنیا واتا رێزمانییەکە لە زمانەکەدا دەگۆڕن. بە واتایەکی تر مۆرفیمی بەندی رێزمانی ئەو مۆرفیمانەن کە بەشداری لە سازبوون و رۆنانی وشەدا ناکەن، بەڵکو دەست نیشانی حالەتێکی رێزمانی دەکەن وەك(ەکە، ێك، ان، تر، ترین،...)

کورەکە، کورێك، کوران، باشتر، باشترین،......)

٢:**مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ**- Derivational Morpheme

مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ ئەو مۆرفیمانەن، کە دەبنە هۆی زیادکردنی وشەیەك و بەرهەمهێنان و دارشتنی وشەیەکی نوێ.ئەرکی بنەرەتی ئەم پۆلە لە مۆرفیمی بەندا (بریتییە لە بەخشینی چەمکێکی لێکسیکی/ فەرهەنگی بە وشەکان و دارشتن و دروستکردنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان)(

مستەفا:2021،9).واتە ئەو مۆرفیمانەن، کە بە تەنیا دەرناکەون و واتایان نییە، بەڵکو ئەرکی دروست بونی وشەی نوێ دەگەیەنن، کە دەچنە سەر مۆرفیمی سەربەخۆ, وشەکە لە سادەوە دەگۆڕن بۆ ناسادە هەروەها واتایەکی نوێ دەهێننە نێو فەرهەنگی زمانەکەوە, ئەم مۆرفیمانە بە پێی شوێنەکانیان ناویان لێ نراوە ئەوانەی کە دەچنە پێش مۆرفیمە سەربە خۆکەوە پێیان دەوترێت (پێشگر) بەڵام ئەوانەی کە دەکەونە بە شی دواوەی مۆرفیمە سەربەخۆکەوە پێیان دەوترێت(پاشگر) وەك:

- باخ+ ەوان ---- باخەوان
- نە+ خۆش ----- نەخۆش
- بە+ هێز ------ بەهێز

**-جۆرەکانی مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ:**

بەشێك لەو مۆرفیما نەی، کە لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن گرینگترین ئەو جۆرە مۆرفیمانەی ، کەپێی دەناسرێنەوە، ئەمانەن:

**١-مۆرفیمی بەندی وشەدارێژی پۆلگۆڕەکان-** derivational class changing:

ئەو مۆرفیما نەن( ئەگەر لە ئە نجامی زیادکردنی گیرەکێکی فەرهەنگی پۆلی وشە بگۆڕن, ئەوە بەوگیرەکە دەگووترێت پۆلگۆڕ)( خۆشناو:2016،76). مەبە ست لە گۆڕینی بە شە ئاخاوتن ئەوەیە، کە پێش وەرگرتنی مۆرفیمەکە ئەگەر بەشە ئاخاوتنەکە( ناو) بێت, دوای وەرگرتنی ئەو مۆرفیمە بۆ بەشە ئاخاوتنێك وەك( ئاوەڵناو) دەگۆڕێت و هەربۆیە پێی دەگووترێت، مۆرفیمی بەندی وشەدارێژی پۆلگۆڕەکان ، وەك:

- چاك (ئاوەڵناو)+ ە -------- چاکە (ناو)
- شەرم ( ناوی واتایی)+ ن------ شەرمن (ئاوەڵناو)
- ڕاست (ئاوەڵناو) +ی -------- ڕاستی(ناوی واتایی)

**2- مۆرفیمی بەندی وشەدارێژی پۆل نەگۆڕەکان-** class maintaining: ئەو مۆرفیمە بەندە دارێژراوانەن، کە پۆلی وشەکان تێدا ناگۆڕدرێت و بە شە ئاخاوتنێکیش بۆ بە شە ئاخاوتنێکی تر هیچ گۆڕانێکی بەسەردانایەت، واتە کاتێ دە چنە سەر بە شەکانی ئاخاوتن, نابنە هۆی گۆڕینی پۆلی وشە فەرهەنگییەکانی، وەك( ناو، ئاوەڵناو، چاووگ ... ).

- دار (ناو) + ستان ------- دارستان (ناو)
- هونەر(ناو) + مەند ------ هونەرمەند (ناو)
- نا+ خۆش(ئاوەڵناو) ------ ناخۆش (ئاوەڵناو)
- هەڵ +گرتن(چاوگ) ------ هەڵگرتن (چاوگ)
- خواردن (چاوگ)+ ەوە ------ خواردنەوە (چاوگ)

**-تایبەتییەکانی مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ**

1-مۆرفیمی بە ندی وشەدارێژ فۆرم و وا تای نوێ بە وشە دەبەخشن.وەك:

- سەوز + ایی ------ سەوزایی
- باخ+ چە ------ باخچە

2- مۆرفیمی وشە دارێژ ئەوکاتە واتای نوێ دەبەخشێت، کە بە ڕەگ وقەد وشەکەوە بنووسێت((fromkin: 2011:132) وەك:

- گۆشت(ناو)+ن= گۆشتن(ئاوەڵناو) -فرۆش + یار ----- فرۆشیار

-نوس +ەر ----- نوسەر

3-لە زمانی کوردیدا هەمو مۆرفیمێکی بەندی وشە دارێژ سترێسیان لە سەرە, کاتێ دە چێتە سەر هەر وشەیەك, هێزەکە لە هەر شوێنێ بێ رای دەکێشێ بۆ خۆی، واتە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە زۆربەی مۆرفیمە بەندە وشە دارێژەکان هێز(سترێس)یان لەسەرە(فتاح ورەشید:2006:59) ، وەك:

- جوت + یار ------ جوتیار
- ئاسن +گەر ----- ئاسنگەر

4-کاتێك وشە دارێژراوە نوێیەکە بەرهەم دێت ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە بۆ ئەو وشەیەی، کە بە یاسای مۆرفۆلۆجییەوە پێکهێنراوە( (fromkin:2011:132

- دار+تاش= دارتاش
- باخ+ەوان= باخەوان

5- مۆرفیمی وشە دارێژەکان بە یا سا ڕێزمانییەکانەوە پەیوە ست نین و حالەتە ڕێزمانییەکان ناگۆڕن ، بەڵکو پۆلە ئاخاوتن دەگۆڕن- توك (ناو)+ ن= توکن (ئاوەڵناو)

6-لە پرۆسەی ناونانی مرۆڤدا پێویستیمان بە مۆرفیمی وشە دارێژەکان دەبێت، چونکە چەمکێکی نوێ بەوشەکەوە دەبەخشن و وشەیەکی نوێ بەرهەم دەهێنن.

-کورد(ناوی میللەتێك)+ستان=کوردستان(ناوی شوێن)

- خوارد(قەد)+ ەمەنی= خواردەمەنی(ناوی گشت خواردنێك)

-مۆرفیمی بەندی وشە دارێژەکان بە پێی جێکەوتە

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی بەندی وشە دارێژەکان بەپێی شوێنی دەرکەوتنیان ئەمانەن:

**یەکەم: پێشگر**:Prefix

- پێشگری سادە ( نە-. بێ-، بە-. ...)
- نە + خۆش = نەخۆش
- بێ + کەس= بێ کەس
- بە+ ناز = بەناز

**دووەم: پاشگر-** Suffix: ( -ەر. -گەر. -ستان. -زار. -ندە. -یار...)

- نووس +ەر = نووسەر
- مس +گەر = مسگەر
- کورد+ستان= کوردستان

- گوڵ +زار= گوڵزار
- در+ ندە = درندە
- کڕ+ یار = کڕیار

**- وشە فەرهەنگییەکان و بوارەکانی مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ**

لە داڕشتن و بەبەرهەمی وشەی نوێدا مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەکان لە چەند بوارێکدا بەکاردەهێنرێن، وەک:

**1- ناوی داڕێژراو و بوارەکانی ناو:**

- ناوی شوێن وەک: ( دارستان. گوڵزار، شەکردان...)
- ناوی کات وەک: ( پاییزان، ئێواران، بەهاران...)
- ناوی بچووکراوە وەک:( باخچە. بەرخۆڵە. داسۆکە...)
- ناسناو وەک: (ڕەشۆ، کەڕە، ...)
- ناوی ئەبستراکت وەک: ( برایەتی. کوردایەتی، ...)
- ناوی ماددی وەک: ( تەختە. مێشوولە،...)
- ناوی پیشە وەک: باخەوان. زێرینگەر.دارتاش...)
- ناوی نیسبەت وەک: ( دەشتەکی، ئاگرین، خۆشناو، هەولێری، کەرکووکی...)

**2- ئاوەڵناوی داڕێژراو و بوارەکانی:**

- ئاوەڵناوی بکەر وەک ( نووسەر، بڕەر، .....)
- ئاوەڵناوی کراو وەک( نووسراو، کڕاو، خوێنراو.....)

**بەشی دووەم**

**بە بەرهەمی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا**

**2-1. پێناسەی بەرهەمهێنی**

بەرهەمهێنی (بریتییە لە سازکردنی وشە بە شێوەیەکی چالاك و ناهۆشیارانە دەبێتە بەرهەمهێنی)( کەرەمی:1396،54).

بەبەرهەمی ) [ii] (وەك خاسیەتێکی سەرەکی زمان پەیوەست بە بوارەکانی بەرهەمهێنانی وشەو داتای پێویست بۆ ئاخێوەران و لایەنی ئابووریکردن و دروستکردنی وشەی نوێ لە بواری فەرهەنگەوانیی و دەوڵەمەندکردنی زمان)( مستەفا:2021،120)

دەکرێت بڵێین ،بەرهەمهێنان- Productivity، پرۆسەی دۆزینەوەی وشەیەکی نوێیە لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژەکانەوە فۆڕمێکی نوێ و واتایەکی نوێ بە وشەکە دەبەخشێت و دەبێتە یاسایەکی مۆرفۆلۆجی بۆ دروستکردن و ڕۆنانی وشە فەرهەنگییەکان لەزماندا.

شیعر کۆمەڵێك پێناسەی بۆ کراوە, باوترینیان ئەوەیە، کە شیعرگوتەیەکی خاوەن کێش و سەروا و واتایە (بن جعفر: 1963،15) ،شاعیر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ زۆرجار یاسای لێکدان و داڕشتن و... بەکاردێنێ، بەکارهێنانی وشەی نوێش لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی نوێ نییە و هەر لە کۆنەوە تا ئێستا بەردەوامە، بۆیە لای شێرکۆ بێکەسیش زۆر لەم وشانە بەدیدەکرێن, کە بەهۆی مۆرفیمی بەندەوە داڕێژراون. ئێمەش لەم بەشەدا لەشیکردنەوەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا بەپێی مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەکان لە بەرهەمهێنانی (ناوی داڕێژراو) و (ئاوەڵناوی داڕێژراو)دا هەندێك دێرەشیعر ڕووندەکرێنەوە، وەك:

**١-ناوی داڕێژراو**

1-پاشگری(گە-گا): ئەم دوو پاشگرە هەردووکیان بەهەمان چەمك و واتاوە بۆ مەبەستی شوێن بەکارهێنراون، بۆنموونە:

ا- لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەم

چی بێ دیاری سەردانەوەم؟15(1)

ب- ڕێگای بیرم، بەناو هەزارداوی باریکا

ئەڕوا، بەرەو خۆری ئاسۆی. ئامانجی ڕونم26 (1)

2-پاشگری(ە) ئەم پاشگرە لەبەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا وشەی نوێی بەرهەمهێناوە، وەك:

- دووەم بە ئەنقەست ئەنوێن و

سێیەم هەرچی ناڵە و گرمەی مەفرەزەیە465(3)

بەجولانی چەند پەنجەیە.

- زۆر قووڵ، ورد ورد

ئەڕوانێتە نەخشەی مەڵبەند401(3)

- پاشگری(ی) ناوی داڕێژراو دروست دەکات

- هەڵبەستەکانم باوەڕن

نا ئومێدی و خەم ئەنێژن

ڕێی تاریکی ژیان ئەبڕن

بۆ ئازادی خوێن ئەڕێژن ١٢(١)

-پاشگری(ایەتی)

-تۆ هەڵگری ئەو مەشخەڵەی کە مەردایەتی

هەڵی گیرسان بۆ باوەڕی ڕێی کوردایەتی ٢٤(١)

-پاشگری(کە)

- مانگە شەوی ناو خەیاڵن

بریسکەی بەفری سەر لووتکەن ١١ (١)

-پاشگری (ندە)

-گەر دوو کەناری ڕووبارێك

باڵی فرینی باڵندەی یەکتر بکەن ٣٩٤(٢)

- پاشگری (زار)
- بۆن خۆشترین عەتری وشەی
- گوڵزاری ناو دیوانن ٨٣(٢)

3- پاشگر(او) ئەم پاشگرە لەبەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا وشەی نوێی بەرهەمهێناوە، وەك:

چەقەتە بەرد هەڵەت هەڵتز هەر شەقاوێك داڵ ئەڕوات و

شەقاوێکی تر ئەکەویٚ بۆ بەرەو ژوور....471(1)

4-پاشگر(ی یان یی)ئەم پاشگرە لەبەرهەمهێنانی ناوی واتاییدا بەفۆرمی جیاواز چۆتە سەر ناوەکەوە و لەسنوورێکی زۆر فراواندا چەندین ناو و ئاوەڵناوی داڕێژراوی بەرهەمهێناوە، بەڵام هیچ گۆڕانی لەواتاکەی دروستنەکردووە، بەم شێوەیە:

ا- هەرکۆتریٚ بە خوێندنی گۆارنییك

بەستەی ژیانی ئازادی بۆ گەل ئەلیٚ91(1)

ب- بۆ ئازادیی خوێن ئەڕێژن 150(1)

5- هەندێك لەپاشگرەکان تەنیا لە بەرهەمهێنانی یەك وشەدا ڕۆڵیان هەبووە و لەسنوورێکی زۆر تەسکدا توانیویەتی وشەی نویٚ بەرهەم بهێنێت، لێرە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

- پاشگری(وانکە) دەچێتە دوای ناوی(مل) دەبێت بە (ملوانکە) کە لەهیچ وشەیەکی تردا نابینرێت، بۆنموونە:

ئەوملوانکەیە پێم ئەڵیٚ

-ۆگەردەنی گەلیٚ جوانم..17(1)

- پاشگری(ك) دەچێتە دوای ناوی(ڕان) دەبێت بە (ڕانك) کە لەهیچ وشەیەکی تردا نابینرێت، بۆنموونە:

بە چوار دەوریا ئەگێڕێن

ڕانك و چۆغەی352(3)

٢- **ئاوەڵناوی داڕێژراو**

- پاشگری (دار)

- ئێوە شایەن بە یارم نین

بە دڵخوازی، نازدارم نین ١٩(١)

- پاشگری (اوی)

- هەردوکمان هەر

قژ خۆڵاوی

شان و مل تەپ و تۆزاوی ٣٣(٢)

- پاشگری (ن)

- هەژارێکی پیس و چڵکن

هەڵم ئەگرن

وەك پەرۆیەك فرێم ئەدەن ٤٧٧(١)

- پاشگری (ین)

- سینییەکی درێژکۆڵەی

- لووت تیژی لێوار زێڕینە ١٠٥(٢)

- پێشگری (بە)

- ئەی لە بەهاری بەدەسەڵات

دەنگت نەبو دەنگت نەهات ٦٣(٣)

پێشگری(نە- یان نا-) ئەم دوو پێشگرە بەهەمان چەمك و واتاوە بەشداری لە ڕۆنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا کردووە، لەڕووی واتاسازییەوە واتای نەرێنی و پێچەوانەی بە وشەکە بەخشیوە، بۆنموونە:

- کە ( بێکەس) ی بیر ڕووناکی نەبەرد و ئازا

پشکۆی شیعری بەناو دڵی ڕەشی ئەچزا(128)1

- پێشگری (نە)

- نەخۆش ئەمریٚ.. هەژار ئەمریٚ

لاواز و دەردەدار ئەمریٚ ٢٥ (٣)

- پێشگری (نا)

- خوێنی ناپاك...

خوێنی تاوانی ئەژدەهاك ١٣(٣)

- پێشگری (بیٚ)

- پاری بێدەنگ

شوومی وشکانی و بیٚ ئاوی ٤١ (١)

**3- ئامار و شیکردنەوەی بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراو لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا**

شیکردنەوەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بەپێی مۆرفیمە وشەداڕێژەکان لە بەرهەمهێنانی (ناوی داڕێژراو) و (ئاوەڵناوی داڕێژراو)دا و بە بەرنامەی ئاماریی (Excel) شیکراونەتەوە.

3-1. **نموونە توێژینەوە** : بریتییە لە هەندێك لە (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس) ، لەزاری کوردی ناوەڕاست لە زمانی کوردیدا .

3-2. **کۆمەڵگای ئاماری توێژینەوە:** لە کۆمەڵگای ئاماری توێژینەوەکەدا نموونەی دەستنیشانکراو بریتییە لە دیاریکردنی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، کە بریتییە لەبەرگی یەکەم (1968- 1980)، بەرگی دووەم (1974- 1986)، بەرگی سێیەم(1971- 1993)، ئەم نموونانەش لە لە (ئەنتەرنێت)ەوە وەرگیراون.

**4- بەبەرهەمی ناوی داڕێژراو بەپێی مۆرفیمە وشەداڕێژەکان**

**4-1. پاشگرە بەکارهاتووەکان لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا**

**پاشگرە بەکارهاتووەکان لە ناوی داڕێژراودا**

| پاشگر | ژمارە | ڕێژە | | پاشگر | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ایەتی | 1 | 1% | | ەوەری | 2 | 1% |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ك | 1 | 1% | | بەند | 1 | 1% |
| ەن | 1 | 1% | | ار | 1 | 1% |
| لكە | 1 | 1% | | یدە | 1 | 1% |
| لە | 2 | 1% | | وو | 2 | 1% |
| ایەتی | 2 | 1% | | راو | 1 | 1% |
| گەر | 1 | 1% | | یش | 1 | 1% |
| اوەر | 1 | 1% | | اری | 1 | 1% |
| یار | 1 | 1% | | ە | 3 | 2% |
| وانی | 1 | 1% | | ێن | 3 | 2% |
| ەواری | 1 | 1% | | او | 3 | 2% |
| یلكە | 2 | 1% | | كە | 3 | 2% |
| یلە | 2 | 1% | | گە | 4 | 2% |
| ەڵە | 1 | 1% | | گا | 3 | 2% |
| ۆلكە | 1 | 1% | | ۆك | 3 | 2% |
| ات | 1 | 1% | | ەڵان | 3 | 2% |
| وانە | 1 | 1% | | گار | 4 | 2% |
| زار | 1 | 1% | | چكە | 3 | 2% |
| ەوەری | 1 | 1% | | ایی | 6 | 3% |
| ندە | 1 | 1% | | ستان | 6 | 3% |
| چە | 2 | 1% | | ێتی | 6 | 3% |
| ناك | 1 | 1% | | دان | 6 | 3% |
| وان | 2 | 1% | | خانە | 7 | 4% |
| اڵە | 1 | 1% | | ی | 25 | 19% |
| ەر | 1 | 1% | | یی | 28 | 21% |

**خشتەی ژمارە (1) ژمارەی پاشگرە بەكارهاتووەكان لە ناوی داڕێژراودا**

بەپێی خشتەی ژمارە(1)ئەو پاشگرانەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراو لەشیعرەكانی شێركۆ بێكەس لە هەرسێ بەرگدا هەبووە و هەریەك لەم پاشگرانەش ڕێژەی بەكارهێنانیان جیاوازە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1–پاشگری(یی) زۆرترین وشەی نوێی لێداڕێژراوە بە ڕێژەی(21٪)، دوای ئەمە پاشگری(ی) بەڕێژەی(19٪) ، پاشگری(خانە)ش بەڕێژەی(4٪)ناوی داڕێژراویان بەرهەمهێناوە.

2–هەندێك لە پاشگرەكان بەڕێژەی یەكسان بوونەتەهۆی بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراو لە دیوانی شێركۆ بێكەسدا، وەك:

ا–پاشگرەكانی وەك(ایی، ستان، ێتی، دان) بەڕێژەی(3٪) بەكارهێنراون.


ب– پاشگرەكانی(ە، ێن، او، كە، گە، گا، ۆك، ەلان، گار، چگە) بەڕێژەی(2٪) بەكارهێنراون.

3–كەمترین ڕێژەی پاشگرە بەكارهاتووەكان لە هەرسێ بەرگی دیوانی شێركۆ بێكەسدا برێتیین لە: پاشگرەكانی وە ك(ایەتی، ك، ەن، لكە، لە، گەر، اوەلا، یار، ەواری، یلكە، یلە، ەڵە، ولكە، ات، وانە، ندە، چە، ناك، وان، اڵە، ەوەری، بەند، ار، یدە، وو، راو، یش، اری)كە بە ڕێژەی(1٪) ناوی داڕێژراویان بەرهەمهێناوە.

**4-2-پاشگر و پێشگرە بەکارهاتووەکان لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا**

| ناوی داڕێژراو | | |
|---|---|---|
| پێشگر + وشە+ پاشگر | ژمارە | ڕێژە |
| بە - ی | 1 | 17% |
| بە - یی | 2 | 33% |
| بێ - گە | 1 | 17% |
| نا - ی | 2 | 33% |

**خشتەی ژمارە(2) ڕێژەی پێشگرە بەکارهاتووەکان لە ناوی داڕێژراودا**




**هێلکاریی ژمارە (1) ژمارەی (پێشگر+ناو+پاشگر)ە بەکارهاتووەکان لە ناوی داڕێژراودا**

بەپێی خشتەی ژمارە(2) و هێلکاری ژمارە (1) ئەو پێشگر و پاشگرانەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراو لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لە هەرسێ بەرگدا هەبووە و هەریەک لەم پێشگر و پاشگرانەش ڕێژەی بەکارهێنانیان جیاوازە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- زۆرترین ڕێژەی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا بریتییە لە (بە – ی)، ( نا – ی) کە بە ڕێژەی (33٪) کە هەریەکەیان (دوو) وشەی نوێی لێدروستکردووە.


3- ڕێژەی بەکارهاتووی (بە – یی)، (بێ – گە) بریتییە لە (17٪) کە هەریەکەیان (یەک) وشەی نوێی لێدروستکردووە.

**5- بەرهەمهێنانی ئاوەڵناو داڕێژراو لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا**

**5-1- پاشگرە بەکارهاتووەکان لەبەرهەمهێنانی ئاوەڵناو داڕێژراو**

| بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاشگر | دار | ین | اویی | اوی | انە | ناک | ن | ۆکە | ی | ۆک | بار |
| ژمارە | 10 | 9 | 9 | 6 | 4 | 3 | 3 | 2 | 2 | 1 | 1 |
| ڕێژەی سەدی | 20% | 18% | 18% | 12% | 8% | 6% | 6% | 4% | 4% | 2% | 2% |

**خشتەی ژمارە(3)پاشگرە بەکارهاتووەکان لەئاوەڵناوی داڕێژراودا**




**هێلکاریی ژمارە (2) ڕێژەی پاشگرە بەکارهاتووەکان لەئاوەڵناوی داڕێژراودا**

بەپێی خشتەی ژمارە (3) و هێلکاریی ژمارە (2) ئەوپاشگرانەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لە هەرسێ بەرگدا هەبووە و هەریەك لەم پاشگرانەش ڕێژەی بەکارهێنانیان جیاوازە بەم شێوەیەی خوارەوە:


– زۆرترین ڕێژەی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا بریتییە لەپاشگری (دار) کە بە ڕێژەی (20٪) کە (25) بیست و پێنج وشەی نوێی لێدروستکردووە. دوای ئەمەش پاشگری(ین ،اویی) بەڕێژەی (18٪) کە (24) بیست و چوار وشەی نوێی لێدروستکردووە.

– کەمترین ڕێژەی بەکارهاتووی پاشگر بۆ بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی لێکدراو بەڕێژەی (2٪) بۆ هەریەك لەم پاشگرانە، وەك (ۆك، بار) کە بۆ هەریەك لەم پاشگرانە ئاوەڵناوێکی داڕێژراو لەلایەن شاعیرەوە بەرهەمهێنراوە.

**5–1– پێشگرە بەکارهاتووەکان لەبەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو**

| | پێشگر+ئاوەڵناوی داڕێژراو | |
|---|---|---|
| پێشگر | ژمارە | ڕێژە |
| بێ | 19 | 66% |
| پێ | 1 | 3% |
| نا | 2 | 7% |
| نە | 3 | 10% |
| بە | 3 | 10% |

**خشتەی ژمارە(4)پێشگرە بەکارهاتووەکان لەئاوەڵناوی داڕێژراودا**




**هێلکاری ژمارە (3)پێشگرە بەکارهاتووەکان لەئاوەڵناوی داڕێژراودا**

بەپێی خشتەی ژمارە (2) و هێلکاری ژمارە (3) ئەو پێشگرانەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لە هەرسێ بەرگدا هەبووە و هەریەك لەم پێشگرانەش ڕێژەی بەکارهێنانیان جیاوازە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-زۆرترین ڕێژەی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا بریتییە لە (بێ) کە بە ڕێژەی (٪66) کە (19) نۆزدە وشەی نوێی لێدروستکردووە.

3-کەمترین ڕێژەی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا بریتییە لە (نا، پێ) کەبە ڕێژەی (٪3) کە وشەی نوێی (پێدەشت)ی لێدروستکردووە.

### ئەنجام

لە کۆتاییدا گەیشتوین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- بەرهەمهێنان- Productivity، پرۆسەی دۆزینەوەی وشەیەکی نوێیە لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژەکانەوە فۆرمێکی نوێ و واتایەکی نوێ بە وشەکە دەبەخشێت و دەبێتە یاسایەکی مۆرفۆلۆجی بۆ دروستکردن و ڕۆنانی وشە فەرهەنگییەکان لەزماندا.

2- پاشگری (یی) زۆرترین وشەی نوێی لێداڕێژراوە بە ڕێژەی(٪21) دوای ئەمە پاشگری(ی) بەڕێژەی (٪19)، پاشگری (خانە)ش بەڕێژەی (٪4) ناوی داڕێژراویان بەرهەمهێناوە.

3- کەمترین ڕێژەی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراودا بریتییە لە (نا، پێ) کە بە ڕێژەی (٪3) کە وشەی نوێی (پێدەشت)ی لێدروستکردووە.

4- کەمترین ڕێژەی بەکارهاتووی پاشگر بۆ بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی لێکدراو بەڕێژەی (٪2) بۆ هەریەك لەم پاشگرانە، وەك (ۆك، بار) کە بۆ هەریەك لەم پاشگرانە ئاوەڵناوێکی داڕێژراو لەلایەن شاعیرەوە بەرهەمهێنراوە.

**داتاکانی دیوانی شێرکۆ بێکەس**

**خشتەی ناوی داڕێژراو بۆ شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس**

| ئاوەڵناو | پاشگر(یی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە | ئاوەڵناو | پاشگر(ی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەنیا | یی | تەنیایی | 11(1) | ئاوەدان | ی | ئاوەدانی | 41(1) |
| تاریك | یی | تاریکیی | 12(1) | شادمان | ی | شادمانی | 46(1) |
| ئازاد | یی | ئازادیی | 13(1) | جوان | ی | جوانی | 55(1) |
| کۆتا | یی | کۆتایی | 152(1) | خامۆش | ی | خامۆشی | 58(1) |
| تێر | یی | تێریی | 180(1) | خۆشەویست | ی | خۆشەویستی | 62(1) |
| گەورە | یی | گەورەیی | 183(1) | قەتران | ی | قەترانی | 63(1) |
| سوزان | یی | سوزانیی | 319(1) | ڕووناك | ی | ڕووناکی | 69(1) |
| نامۆ | یی | نامۆیی | 662(1) | تاڵ | ی | تاڵی | 144(1) |
| ڕاست | یی | ڕاستیی | 135(1) | پەرێشان | ی | پەرێشانی | 115(1) |
| پەرێشان | یی | پەرێشانیی | 139(1) | پەشۆکاو | ی | پەشۆکاوی | 115(1) |
| گران | یی | گرانیی | 172(1) | شاد | ی | شادی | 117(1) |
| نزیك | یی | نزیکیی | 177(1) | شەکەت | ی | شەکەتی | 164(1) |
| پیر | یی | پیریی | 183(1) | نزیك | ی | نزیکی | 177(1) |
| هەژار | یی | هەژاریی | 188(1) | هەژار | ی | هەژاری | 188(1) |
| ڕووناك | یی | ڕووناکیی | 69(1) | پیر | ی | پیری | 98(1) |
| جوان | یی | جوانیی | 88(1) | سەرفراز | ی | سەرفرازی | 90(1) |
| خۆش | یی | خۆشیی | 93(1) | ئازاد | ی | ئازادی | 91(1) |
| بەختیار | یی | بەختیاریی | 93(1) | غریب | ی | غەریبی | 160(1) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شاناز | یی | شانازیی | (1)196 |
| نزم | یی | نزمیی | (1)196 |
| نەنگ | یی | نەنگیی | (1)196 |
| کۆچەر | یی | کۆچەریی | (1)565 |
| بەرز | یی | بەرزیی | (1)211 |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ایەتی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| مەرد | ایەتی | مەردایەتی | (1)24 |
| ناو | پاشگر(کە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| لووت | کە | لووتکە | (1)11 |
| پووش | کە | پووشکە | (1)211 |
| ڕەش | کە | ڕەشکە | (2)573 |
| ناو | پاشگر(گە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ڕێ | گە | ڕێگە | (1)15 |
| جێ | گە | جێگە | (1)16 |
| سوپا | گە | سوپاگە | (1)289 |
| ئاتەش | گە | ئاتەشگە | (2)134 |
| ناو | پاشگر(گا) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ڕێ | گا | ڕێگا | (1)28 |
| جێ | گا | جێگا | (1)167 |
| ئارام | گا | ئارامگا | (1)96 |
| ناو | پاشگر(لکە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| قوتی | لکە | قوتیلکە | (1)311 |
| ناو | پاشگر(ۆك) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| برایم | ۆك | برایمۆك | (1)611 |
| نارنج | ۆك | نارنجۆك | (3)617 |
| ناو | پاشگر(لە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| جۆگە | لە | جۆگەلە | (1)702 |
| مێروو | لە | مێروولە | (2)171 |
| ناو | پاشگر(ایەتی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| کورد | ایەتی | کوردایەتی | (1)165 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دوور | ی | دووری | (1)176 |
| بێدار | ی | بێداری | (1)168 |
| چاوەڕوان | ی | چاوەڕوانی | (1)174 |
| ناکۆك | ی | ناکۆکی | (1)178 |
| بەرز | ی | بەرزی | (1)240 |
| نزم | ی | نزمی | (2)124 |
| شیرین | ی | شیرینی | (2)47 |
| ئاوەڵناو | پاشگر(انە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| تەنگ | انە | تەنگانە | (3)286 |
| ئاوەڵناو | پاشگری(ە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| لوول | ە | لوولە | (3)565 |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ایی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| فێنك | ایی | فێنکایی | (1)22 |
| ڕۆشن | ایی | ڕۆشنایی | (1)25 |
| شین | ایی | شینایی | (1)46 |
| تاریك | ایی | تاریکایی | (1)47 |
| قوڵ | ایی | قوڵایی | (1(19 |
| سەوز | ایی | سەوزایی | (3)520 |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ستان) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| تاریك | ستان | تاریکستان | (2)175 |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ێتی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| تینو | ێتی | تینوێتی | (1)47 |
| گەنج | ێتی | گەنجێتی | (1)44 |
| لاو | ێتی | لاوێتی | (1)45 |
| برسی | ێتی | برسێتی | (1)87 |
| شۆخ | ێتی | شۆخێتی | (1)119 |
| ئاوەڵناو | پاشگر(او) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| گێژ | او | گێژاو | (1)327 |
| تەنك | او | تەنکاو | (1)78 |
| ناو | پاشگر(او) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| برا | یەتی | برایەتی | 366(1) |
| ناو | پاشگر(گەر) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ئاسن | گەر | ئاسنگەر | 487(2) |
| ناو | پاشگر(ێتی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| باوک | ێتی | باوکێتی | 20(1) |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ات) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ترش | یات | ترشیات | 429(2) |
| ناو | پاشگر(ە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| برووسک | ە | برووسکە | 52(2) |
| نەخش | ە | نەخشە | 401(3) |
| ناو | پاشگر(ەڵان) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| کەند | ەڵان | کەندەڵان | 261 |
| بەرد | ەڵان | بەردەڵان | 194(2) |
| کەشک | ەڵان | کەشکەڵان | 524(3) |
| ناو | پاشگر(ستان) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| دار | ستان | دارستان | 11(1) |
| گۆڕ | ستان | گۆڕستان | 45(1 |
| کورد | ستان | کوردستان | 160(1) |
| کوێ | ستان | کوێستان | 72(1) |
| کافر | ستان | کافرستان | 347(3) |
| ناو | پاشگر(یی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| دڵنیا | یی | دڵنیایی | 56(1) |
| هەتاو | یی | هەتاویی | 62(1) |
| پادشا | یی | پادشایی | 57(3) |
| کێو | یی | کێویی | 213(1) |
| لاو | یی | لاویی | 131(2) |
| بینا | یی | بینایی | 142(1) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شەق | او | شەقاو | 471(3) |
| ناو | پاشگر(ک) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ڕان | ک | ڕانک | 352(3) |
| ناو | پاشگر(ێن) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| پشت | ێن | پشتێن | 409(3) |
| بەست | ێن | بەستێن | 98(2) |
| ئا،وەڵناو | پاشگر(ێن) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| گەرم | ێن | گەرمێن | 662(2) |
| ناو | پاشگر(اوەر) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| جەنگ | اوەر | جەنگاوەر | 13(1) |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ەن) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| گێژ | ەن | گێژەن | 291(3) |
| ناو | پاشگر(وانی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ئەرخەوان | وانی | ئەرخەوانی | 140(2) |
| ناو | پاشگر(ەواری) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| کورد | ەواری | کوردەواری | 104(1) |
| ناو | پاشگر(یلکە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| چاو | یلکە | چاویلکە | 311(1) |
| ئاو | یلکە | ئاویلکە | 486(3) |
| ناو | پاشگر(گار) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| شەو | گار | شەوگار | 365(1) |
| یاد | گار | یادگار | 26(1) |
| ڕۆژ | گار | ڕۆژگار | 44(1) |
| کرد | گار | کردگار | 54(1) |
| ناو | پاشگر(یلە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| کێو | یلە | کێویلە | 647(1) |
| گوێ /چک | یلە | گوێچکیلە | 365(2) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوردستان | یی | کوردستانیی | 148(1) |
| نەتەوە | یی | نەتەوەیی | 161(1) |
| مناڵ | یی | مناڵیی | 179(1) |

| ناو | پاشگر(چکە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ڕێ | چکە | ڕێچکە | 156(1) |
| گوێ | چکە | گوێچکە | 242(1) |
| پێ | چکە | پێچکە | 444(3) |
| ناو | پاشگر(ەوەری) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| بیر | ەوەری | بیرەوەری | 394(1) |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ەوەری) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| کوێر | ەوەری | کوێرەوەری | 191(1) |
| ناو | پاشگر(ندە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| باڵ | ندە | باڵندە | 394(2) |
| ناو | پاشگر(چە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| باخ | چە | باخچە | 201(1) |
| دەریا | چە | دەریاچە | 159(1) |
| ناو | پاشگر(وان) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| زەریا | وان | زەریاوان | 613(2) |
| ناوچە | وان | ناوچەوان | 497(3) |
| ناو | پاشگر(اڵە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ڕەنگ | اڵە | ڕەنگاڵە | 19(1) |
| ڕەگ | پاشگر(یار) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| جووت | یار | جووتیار | 64(3) |
| ناو | پاشگر(ی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| دیل | ی | دیلی | 23(1) |
| ئاسمان | ی | ئاسمانی | 54(1) |
| دڵدار | ی | دڵداری | 121(2) |
| ئاوەڵناو | پاشگر(ی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |

| ناو | پاشگر(ەڵە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| گرد | ەڵە | گردەڵە | 766(1) |
| ناو | پاشگر(ۆلکە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| گرد | ۆلکە | گردۆلکە | 212(1) |
| ناو | پاشگر(یی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| کورد | یی | کوردیی | 188(1) |
| نۆکەر | یی | نۆکەریی | 195(1) |
| ڕزگار | یی | ڕزگاریی | 82(3) |
| کۆیلە | یی | کۆیلەیی | 381(2) |
| کیمیا | یی | کیمیایی | 523(2) |
| سوزان | یی | سوزانیی | 76(2) |
| ناو | پاشگر(وانکە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| مل | وانکە | ملوانکە | 17(1) |
| ناو | پاشگر(دان) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ئاگر | دان | ئاگردان | 48(1) |
| ڕەنج | دان | ڕەنجدان | 128(1) |
| منداڵ | دان | منداڵدان | (1) 217 |
| شەکر | دان | شەکردان | 636(2) |
| زین | دان | زیندان | 745(2) |
| گوڵ | دان | گوڵدان | 316(2) |
| ناو | پاشگر(زار) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| گوڵ | زار | گوڵزار | 83(2) |
| ناو | پاشگر(خانە) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| جام | خانە | جامخانە | 111(1) |
| چێشت | خانە | چێشتخانە | 288(1) |
| نامە | خانە | نامەخانە | 544(2) |
| بەندی | خانە | بەندیخانە | 268(1) |
| مەیت | خانە | مەیتخانە | 221(2) |
| چای | خانە | چایخانە | 218(1) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کامەران | ی | کامەرانی | (1)411 |
| ناو | پاشگر(ی) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| بەهەشت | ی | بەهەشتی | (1)178 |
| بارزان | ی | بارزانی | (1)296 |
| کوردستان | ی | کوردستانی | (1)411 |
| کەنار | ی | کەناری | (3)569 |
| ناو | پاشگر(ەوەر) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| دەنگ | ەوەر | دەنگەوەر | (1)50 |
| شوێن | ەوەر | شوێنەوەر | (3)626 |
| ناو | پاشگر(بەند) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| شوشە | بەند | شوشەبەند | (3)571 |
| ناو | پاشگر(ەر) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| کۆچ | ەر | کۆچەر | (1)372 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کتێب | خانە | کتێبخانە | (2)124 |
| ناو | پاشگر(اری) | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| مرو | اری | مرواری | (1)193 |
| ڕەگ | پاشگر | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| گفت | ار | گفتار | (3)363 |
| گەر | یدە | گەریدە | (3)486 |
| گەڕ | ۆك | گەڕۆك | (3)513 |
| کوژ | راو | کوژراو | (3)358 |
| ڕاو | کەر | ڕاوکەر | (3)405 |
| ناڵ | ە | ناڵە | 465(3 |
| بەخش | یش | بەخشیش | (3)477 |

پێشگر+ناو+ پاشگر

| پێشگر(بە) | ناو | پاشگر(ی) | وشەی داڕێژراو | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| بە | ئومێد | ی | بەئومێدی | (2)103 |
| پێشگر(بە) | ناو | پاشگر(یی) | وشەی داڕێژراو | لاپەڕە |
| بە | نۆکەر | یی | بەنۆکەریی | (1)193 |
| بە | خۆڕا | یی | بەخۆڕایی | (3)55 |
| پێشگر(بێ) | ناو | پاشگر(گە) | وشەی داڕێژراو | لاپەڕە |
| بێ | جێ | گە | بێجێگە | (1)28 |
| پێشگر | ناو | پاشگر | وشەی داڕێژراو | لاپەڕە |
| نا | ئومێد | ی | نائومێدی | (1)57 |
| نا | کۆك | ی | ناکۆکی | (1)104 |

**خشتەی ئاوەڵناوی داڕێژراو بۆ شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس**

| ناو | پاشگر(دار) | ئاوەلناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| پڕشنگ | دار | پڕشنگدار | (1)51 |
| ناز | دار | نازدار | (1)19 |
| زام | دار | زامدار | (2)205 |
| بریقە | دار | بریقەدار | (1)258 |
| دڵ | دار | دڵدار | (1)17 |
| برین | دار | بریندار | (1)120 |
| زنجیر | دار | زنجیردار | (3)147 |
| پایە | دار | پایەدار | (3)156 |

| ناو | پاشگر(ین) | ئاوەڵناو داڕێژراو | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| زێر | ین | زێڕین | (2)105 |
| خوێن | ین | خوێنین | (1)205 |
| ئاسن | ین | ئاسنین | (2)205 |
| سەر | ین | سەرین | (2)130 |
| بەرد | ین | بەردین | (2)77 |
| ڕەنگ | ین | ڕەنگین | (2)46 |
| ئاگر | ین | ئاگرین | (2)206 |
| بەفر | ین | بەفرین | (2)382 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| شێ | دار | شێدار | (2)378 |
| ناو | پاشگر(انه) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| مناڵ | انه | مناڵانه | (1)125 |
| ڕۆژ | انه | ڕۆژانه | (1)125 |
| پیاو | انه | پیاوانه | (1)146 |
| شەو | انه | شەوانه | (1)197 |
| ناو | پاشگر(ناك) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| سام | ناك | سامناك | (1)361 |
| ترس | ناك | ترسناك | (3)349 |
| ڕوون | ناك | ڕووناك | (3)363 |
| ڕەگ | پاشگر(ناك) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| لەرز | ۆك | لەرزۆك | (2)41 |
| ناو | پاشگر(ن) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| گۆشت | ن | گۆشتن | (1)123 |
| چڵك | ن | چڵكن | (1)477 |
| شەرم | ن | شەرمن | 122(1) |
| ناو | پاشگر(ی) | ئاوەڵناو داڕێژراو | لاپەڕە |
| پایز | ی | پایزی | (1)115 |
| بەهار | ی | بەهاری | (1)126 |
| ناو | پاشگر(بار) | ئاوەڵناو داڕێژراو | لاپەڕە |
| خەم | بار | خەمبار | (2)351 |
| ڕاده | پاشگری(دار) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| زۆر | دار | زۆردار | (3)157 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زیو | ین | زیوین | (2)570 |
| ناو | پاشگر(اویی) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| خوین | اوی | خوێناوی | (1)49 |
| ئاگر | اوی | ئاگراوی | (1)111 |
| تۆز | اوی | تۆزاوی | (2)33 |
| ژەهر | اوی | ژەهراوی | (3)389 |
| خەم | اوی | خەماوی | (3)375 |
| خۆڵ | اوی | خۆڵاوی | (3)512 |
| ناو | پاشگر(ۆكه) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| شەیتان | ۆكه | شەیتانۆكه | (2)41 |
| شێت | ۆكه | شێتۆكه | (2)327 |
| ناو | پاشگر(اویی) | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| ئەفسون | اویی | ئەفسوناویی | (2)74 |
| نەوت | اویی | نەوتاویی | (2)508 |
| باران | اویی | باراناویی | (2)70 |
| سیحر | اویی | سیحراویی | (2)286 |
| خۆڵ | اویی | خۆڵاویی | (2)33 |
| موسڵ | اویی | موسڵاوی | (2)33 |
| خەم | اویی | خەماویی | (3)375 |
| هەڵم | اویی | هەڵماویی | (3)547 |
| ژەهر | اویی | ژەهراویی | (3)389 |
| ڕەگ | پاشگر | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| مرد | وو | مردوو | (3) 354 |
| زیند | وو | زیندوو | (3)354 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| (پێشگری(نا | وشه | ئاوەڵناوی داڕێراو | لاپەڕە |
| نا | خۆش | ناخۆش | (1)71 |
| نا | پاك | ناپاك | (3)13 |
| (پێشگری(بە | وشه | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| بە | هێز | بەهێز | (1)213 |
| بە | دەسەڵات | بەدەسەڵات | (3(63 |
| بە | ڕق | بەڕق | (3)36 |
| (پێشگری(نە | وشه | ئاوەڵناوی داڕێراو | لاپەڕە |
| نە | بەرد | نەبەرد | (1)128 |
| نە | خۆش | نەخۆش | (3)25 |
| (پێشگری(نە | ڕەگ | ئاوەڵناوی داڕێژراو | لاپەڕە |
| نە | بەز | نەبەز | (1)68 |
| (پێشگری(دە | وشه | ناوی داڕێژراو | لاپەڕە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بێ | ناز | بێ ناز | (1)170 |
| بێ | گەرد | بێگەرد | 1(172) |
| بێ | هەناو | بێهەناو | (1)180 |
| بێ | خەم | بێ خەم | (3)24 |
| بێ | زەمین | بێ زەمین | (3(24 |
| بێ | پێز | بێ پێز | (3)28 |
| بێ | بەش | بێ بەش | (3)28 |
| بێ | سوود | بێ سوود | (3)40 |
| بێ | هەست | بێ هەست | (1)120 |
| بێ | شەرم | بێ شەرم | (1)243 |
| بێ | چاو | بێ چاو | (1)82 |
| بێ | لێو | بێ لێو | 82(3) |
| بێ | شومار | بێ شومار | 150(3) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ده | نووك | دەنووك | (3)569 |
| پێشگری(پی) | وشە | ناوی داڕێراو | لاپەڕە |
| پی | دەشت | پێ دەشت | (3)46 |
| پێشگری(بی) | وشە | ئاوەڵناوی داڕێراو | لاپەڕە |
| بێ | دەنگ | بێ دەنگ | (1)41 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بێ | باڵ | بێ باڵ | 150(3) |
| بێ | ناز | بێ ناز | 169(3) |
| بێ | ئاگا | بێ ئاگا | 183(3) |
| بێ | گیان | بێگیان | (3)69 |
| بێ | بەر | بێبەر | 102(3) |

## پەراوێز

1- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: دزەیی، عبدالواحد موشیر (2014) ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.(لا:54-55)

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: 1) خۆشناو، سامی حوسێن (2017) بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب.(لا 4-5).

2- عومر، نەرمین (2010) بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمانی - زانکۆی سلێمانی.(10-13)

3- مستەفا، ڕەزا مستەفا(2021) چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لە بارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی زمانی کوردییەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.(لا:121)

4- کەرەمی، سەعید (1396)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپخانەی انتشارات کردستان، زانستگای کوردستان.(لا:46)

5- مستەفا، ڕەزا مستەفا(2021) پۆلینکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمرۆیان لە زمانی کوردییدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.(لا:30-35)

## سەرچاوەکان


أ- بە زمانی کوردی:

- مارف، ئەورەحمانی حاجی (1987) وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین.
- مارف، ئەورەحمانی حاجی (2004) فەرهەنگی زاراوەی زماننانسی.سلێمانی
- خۆشناو، سامی حوسێن (2017) بەبەرهەمیی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب
- کەرەمی، سەعید (1396) وشەناسیی زمانی کوردی، چاپخانەی انتشارات کردستان، زانستگای کوردستان
- خۆشناو، شێروان حوسێن (2016) توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، پاپ و پەخشی نارین. پ.یەکەم، هەولێر.
- موسا، عەبولوەهاب خالید (2010) ڕێزمانی( بوون و نەبوون لە کوردیدا- لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- دزەیی، عبدالواحد موشیر (2014) ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.
- مستەفا، ڕەزا مستەفا(2021) پۆلینکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمرۆیان لە زمانی کوردییدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا
- فتاح، محمد معروف (1987) زمانەوانی، زانکۆی سەڵاحەدین.
- مەحویی، محەمەدی (2010) مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان. بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
- عومر،نەرمین (2010)بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمانی - زانکۆی سلێمانی

ب- بە زمانی عەرەبی:

- بن جعفر، ابی فرج قدامه(١٩٦٣) ، تحقيق كمال مصطفى،نقد الشعر، مكتبه المثنى بغداد.
- فارغ، شحدة و اخرون (2006) مقدمة فی اللغويات المعاصرة، الطبعة الثالثة، عمان، الاردن.

ت- بە زمانی ئینگلیزی:

-Bloomfield, (1954) ,Language , New York: Henry Holt and company.
-Crystal, David(1992), An encyclopedic dictionary of language and languages ,First published,USA.
-Haspelmath , (2010) understanding Morphology second edition , London.
- Fromkin & Rodman& Hyams (2001) AN introduction of language , 9 edition .International.
- Trask , R, L:( 2007) language and Linguistics – second Edition – Edition by peter stock well Rutledge.
-https://www.kurdipedia.org (شێرکۆ دیوانی بێکەس)

## إنتاجية اللواصق الاشتقاقية في شعر شيَركؤ بيَكةس

**المُلخّص:**

تَسعى هذه الدراسة الموسومة بـ (إنتاجية اللواصق الاشتقاقية في شعر شيَركؤ بيَكةس) إلى بيان كيفية صياغة الكلمات الجديدة والتحدّث عن آليات إنتاجها وتكوينها في شعر شيَركؤ بيَكةس من خلال إلصاق اللواصق الاشتقاقية بأصول المفردات المعجمية وذلك على وفق ما هو موجود في القواعد الصرفية للغة الكردية ، أي أنها تتحدّث عن عملية إنتاج الكلمات الجديدة في شعر شيَركؤ بيَكةس على وفق ما هو مألوف ومعهود في نظامها الصرفي من وسائل صياغة الكلمات ، وقد اعتمدت الدراسة على المنهج البسني وعلى الجانب الإحصائي في تحديد النِسَب واستخراجها.

ومضمون الدراسة عبارة عن مقدّمة ومحورين رئيسين ، يُعنى محورها الأول بالجانب التنظيري من خلال تحديد المفاهيم وتعريف مصطلح الوحدات الصرفية و اللواصق الاشتقاقية وبيان أنواعها ، وكذلك تعريف الوحدة المعجمية والتحدّث عن نَمطَيْها (الاسمي والوصفي). أما محورها الثاني فمخصّص للجانب التطبيقي ويتناول تعريف الإنتاجية وإنتاجية اللواصق الصرفية والاشتقاقية في شعر شيركؤ بي كةس ، ضامّاً الإحصائيات الدقيقة والتحليلات للأسماء والصفات المُنتَجة والمصاغة في شعر الشاعر، وتُّنهي الدراسة مشوارها بخاتمة مُودَع فيها أهم الاستنتاجات ومَسْرد للمصادر والمراجع المعتمد عليها في الكتابة ، وملخَّص لها باللغتين العربية والانجليزية.

**الكلمات المفاتيح** : الإنتاجية ، اللواصق الاشتقاقية ، السابقة ، اللاحقة ، الشعر ، الكلمة المعجمية .

## The production of derivational bound morphemes in the poetry of Sherko Bekas

**Abstract:**

The current study entitled ‘The production of derivational bound morphemes in the poetry of Sherko Bekas’ seeks to demonstrate how to form new words and to identify the mechanisms of their production and formation in Sherko Bekas’ poetry by attaching derivational bound morphemes to the stems of the lexical vocabulary according to what is found in the morphological rules of the Kurdish Language. In other words, it identifies the process of producing new words in the poetry of Sherko Bekas based on familiar and its morphological system from the means of forming words. The study relied on the descriptive method and the statistical side in determining and extracting proportions. The study consists of an introduction and two main parts. The first part is concerned with the theoretical background by defining the concepts, the term morphological units, derivational affixes and stating their types, as well as defining the lexical unit and affirming two types (nominal and descriptive). The second one is devoted to the practical part which deals with the definition and the production of derivational bound morphemes in the poetry of Sherko Bekas. Furthermore, it includes accurate statistical analysis of the names and adjectives produced and formed in the poet's poetry. The summary can be found in Arabic and English languages.

**Keywords:** production, derivational bound morphemes, poetry, lexical word.